# ئێمە.. بە چاویلکەی ئەوان

**سەنگەر زراری**
Sangarz81@yahoo.com



پێش ساڵی (2003) لە کوردستان بە رێژەیەکی کەم باسی گەندەڵی دەکرا و کەم کەس هەبوو بوێریّ باسی بکات، یان ئەگەر باسیشیان کردبا، بەشێوەیەکی گشتی و تەنها وەکو دیاردەیەك باسیان دەکرد، بەڵام لە دوای ئەم ساڵەوە، واتا دوای رووخانی رژێمی بەعس، دیاردەی گەندەڵی لە میدیاکان و ئاستە رەسمییەکان و تەنانەت لای بەرپرسەکانیش(بەوانەشەوە کە خۆیان گەندەڵن) بە شێوەیەکی بەربڵاوتر باس لە گەندەڵی دەکرێت، ئەویش بەهۆی کرانەوەی زیاتری خەڵك بەرووی جیهان و هاتنی لێکۆڵەر و رۆژنامەنووسانی بیانی و چاوکراوەی ئەوان، دەرفەت رەخسا بۆئەوەی تا رادەیەك باسی گەندەڵی بکرێت و پەنجە بخرێتە سەر هەندیّ کەس و لایەنی گەندەڵ.

دەسەڵاتی کوردی زۆر هەوڵیدا و تا ئێستاش لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی کوردستان وەکو بەهەشتێك وێنا بکات و هانی وڵاتانی دەسەڵاتداری بیانی دەدات کە کوردستان وەکو نموونەیەکی دیموکراسی سەیر بکەن و بیگوازنەوە بۆ هەموو عێراق و دواتریش بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

رەنگە ئەم وێناکردنە لەسەرەتادا بڕی کردبیّ و تا رادەیەکیش هەندیّ وڵات باوەڕیان کردبیّ، من باوەڕکردنی ئەوان بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە کوردستان بە بەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق ئاسایشەکەی بەرقەرارترە، بەڵام دەبیّ ئەوەش بزانین کە تەنها بەرقەراری ئاسایش ناکاتە ئەوەی کە ئەم وڵاتە، وڵاتێکی دیموکراسییە.

خاڵێکی تری ئەم باوەڕەی ئەوان لەو وێنایە سەرچاوەی گرتبوو کە ئێمە بۆخۆمان دروستمان کردبوو، واتا ئەوە ئێمە بووین باسی خۆمانمان دەکرد و دەمانگوت دیموکراسین و ئەوانیش باوەڕیان دەکرد، لەبەرئەوەی هێشتا خۆیان نەهاتبوونە ناو دۆخەکەوە، بۆیەش بێگانەکان کە دەهاتنە کوردستان سەرەتا بە ئومێدەوە دەیانڕوانییە ئەم وڵاتە، بەڵام دوای ئەوەی دەستیان کرد بە گەڕان و پشکنین و ئەنجامدانی راپۆرتی رۆژنامەوانی و خۆیان چاویان بە خەڵکەکە کەوت، ئەوەیان بۆ بە دیارکەوت کە ئەم وڵاتە ئەو شوێنە یۆتۆپییە نییە کە پێشتر وێنا دەکرا، ئەو وڵاتە ئەو شوێنەیە کە رۆژنامەنووسانی تێدا دادگایی دەکریّ و خەڵکی لە خۆپیشاندانەکاندا سەرکوت دەکرێن و تەقەیان لێدەکرێت... لەهەمانکاتتدا باسی ئازادی بیروڕاش دەکریّ. بەندکراوەکان لەگەڵ لێدان چاویان کوێر دەکریّ و پشتیان دەشکیّ و باسی مافی مرۆڤیش دەکریّ... خەڵکی لە بیّ ئاوی و بیّ کارەبایی دەناڵێنن، کەچی رێکلامی شاری خەونەکان باسی ئەوە دەکات کە لەوێدا (لە شاری خەونەکان) کارەبا و ئاوی بەردەوام هەیە کە بێگومان نەك هەژارەکان، بەڵکو ئەوانەی لە دۆخی مامناوەندیشدا دەژین، توانای کڕینی ئەم خانووانەیان نییە... ئەمەیە بارودۆخی ئەم وڵاتە!!!

بەڵیّ رۆژنامەڤان و لێکۆڵەرانی بیانی، ئەوانەی خۆیان هاتنە ناو بارودۆخەکە و بەچاوی خۆیان بارودۆخەکەیان بینی، وردەوردە کەوتنە بڵاوکردنەوە و باسکردنی ئەو گەندەڵی و ناعەدالەتییەی کە لە کوردستاندا هەیە.

ماوەیەك پێش ئێستا لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی هۆڵەندی چەند بەرنامەیەك دەربارەی گەندەڵی و ناعەدالەتییەکانی کوردستان بڵاوکرایەوە.

پێش ئەویش لێژنەی مافی مرۆڤی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای(هاوپەیمان؟!) لە راپۆرتی ساڵانەیدا ئاماژەی بەو ناعەدالەتی و پێشێلکردنانەی مافی مرۆڤ و ئازاردانی بەندییەکان کردبوو کە لە کوردستاندا هەیە.

دواتر "رێکخراوی تسۆنامی"یش هەندیّ پێشێلکاری تری مافی مرۆڤی لە کوردستان بڵاو کردەوە.

تا گەیشتە ئەوەی ئێستا، واتا ئەو راپۆرتەی "رێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی" بڵاوی کردەوە و بە شێوەیەکی بەرفراوانتر باسی ئەم پێشێلکاریانەی کرد، باسی ئەو بەندییانەیان کرد کە کەسوکاری ئێمەن و خۆمان نەدەوێراین تەنانەت باسی ئەوەش بکەین کە شوێنیان خراپە، کەچی ئەم رێکخراوە هەر ئەوەندەی پیّ نەگوتین کە خۆمان بە نهێنی دەمانزانی و نەدەوێراین بیدرکێنین، بەڵکو ئەو شتانەشی پێگوتین کە نەماندەزانی. لێرەوە دەسەڵاتی کوردی دەبیّ لەوە تێبگات و بە ئاگابێتەوە کە ئەگەر تائێستا تەنها لە ناوەخۆدا باسی گەندەڵی بەشێوەیەکی گشتی کرابێت و ئەو کەسانەی باسی گەندەڵییەکی دیاریکراویان کردبێت... پەنجەیان خستبێتە سەر دزییەکی دیاریکراو و ناعەدالەتییەکی دیاریکراو دەمکوت کرابنەوە و زیندانی کرابن، ئەوا لەمەودوا ئەو کەسانە باسی گەندەڵییەکانمان دەکەن کە دێنە لامان و زۆر بەگەرمی پێشوازییان دەکەین و لە خۆشترین هوتێلەکانی ئەم وڵاتە دەعوەتیان دەکەین (رۆژنامەنووس و لێکۆڵەرە بێگانەکان). ئێوە ناتوانن ئەوان دەسگیر

بکەن و بە پارە و ماڵیش رازی ناکرێن، هەروەها ئەم رۆژنامەنووس و لێکۆڵەرە بێگانانە هێندەش سادە نین کە مەسەلەیەکی وەکو پێشێڵکردنی مافی مرۆڤ ببینن و لە بەرخاتری هاوپەیمانێتی و برادەرایەتی پەردەپۆشی بکەن و باسی نەکەن، ئەوان باسی دەکەن و ئەگەر خۆمان زوو لە گەندەڵییەکان بە ئاگا نەیەینەوە و خەمساردی لێبکەین، ئەوا ئەوان هەموو دنیامان لێ پڕ دەکەن.

دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە جێگای دڵخۆشییە دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی ئەم رێکخراوە، حکومەت کەوتە خۆ و خەریکە هەندێ هەنگاوی چاکسازی بنێت.